# سیماو:

# بێگومان میسی لەمن و ڕۆناڵدۆ باشترە



**تەمەنی وەرزشـــی یاریزانی پورتوگالی ســـیماو پڕیەتی لە ژمارەی پێوانەیی و نازناو و دستکەوتەکان. لە مۆندیالی ٢٠٠٦ گەیشتە چوار گۆشەی زێڕین و لە یۆرۆی ٢٠٠٤یش گەیشتە یاری کۆتایی. لەسەر ئاستی یانەکانیش پارێزگاری لە چەندین یانەی ناوداری جیهانی کردووە، لەوانە ســـپۆرتینگ لیشـــبۆنە و بەنفیکا و بەرشـــلۆنە و ئەتلەتیکۆ مەدرید. سیماو بە هیوای ئەوەیە بتوانێ لەگەڵ وڵاتەکەی نازناوی مۆندیال لەسەر گۆڕەپانی ئەفریقیا بۆ یەکەمجار .بە دست بێنێ**

**ســـیماو-ی تەمەن ٣٠ ســـاڵ چۆن لە نێو یاریگای سەوزەکان ئاستی بەرزە بەهەمان شێوە لە دەرەوەی یاریگا خاوەن کەسایەتی و خۆڕەوشتێکی بەرزە، ئێمە بە مەبەستی ئاشـــنابوونی جەماوەری هەڵبژاردەی پورتوگال و یاریزانی ناوبراو بە پێویستی دەزانین ئەم دیمانەیە کە لە گەڵ یەکێك لە گۆڤارە وەرزشییە ناودارەکان کراوە، .بڵاوی بکەینەوە**

*** بە رای تۆ چ هۆکارێك هەبوو کە ئاوا بە زەحمەت گەیشتنە کۆتاییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیا، سەرەڕای ئەوەی تیپەکەتان چەندین ئەستێرە و یاریزانی بە توانای تێدایە؟**

- لـــە هەمـــووی گرنکتر ئەوە بوو کە ڕاهێنەر کارلۆس کیرۆش بەنیاز بوو تیپێکی وا دروســـت بکات کە ڕکابەری لەســـەر نازناوی مۆندیالی ٢٠١٠ بکات، سەرەتا پشتی بە یاریزانە لاوەکان بەست،بۆیە ئێمە لە قۆناغی یەکەم زۆر خۆمان ماندووکرد و تووشی هیلاکەت بووین، تیپەکەمان لاو بوون و لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەرێکی نوێ بووین، ئێستا ئێمە خاوەنی تیپێکی زۆر بەهێزین لە هەموو ڕووێکەوە لەوانە ئاســـت بەرزی و یەکریزی و دەســـت لە نا دەست یەکتر و لە ئامادە باشیش داین.

*** بە مانای ئەوەی کە ئێوە لەو ئاســـتەن لە کۆمەڵەی ئەســـتێرەکان یاری بکەن کە لە تیروپشکدا دەرکەوتووە؟**

- گرانتریـــن کۆمەڵەیە لەو مۆندیالە، دەبێ ئێمـــە ڕووبەڕووی بەڕازیل و کوتیڤوار و کۆریای باکوور ببینەوە، گەر بمانەوەی قۆناغی یەکەم بە سەلامەتی ببڕین دەبێ وەکو دواییـــن یارییەکانی پاڵاوتن یاری بکەین و دەبێ لە یاری یەکەم دژی کۆتیڤوار تەنیا بیر لە بردنەوە بکەین گەر نا لە دۆڕاندن دەبێ دوور بین، ڕاســـتە ڕکابەرەکانمان زۆر بەهێزن، بەڵام هێشتا کات لە بارە دەتوانین خۆمان زیاتر ماندوو بکەین.

*** جەماوەری هەڵبژاردەی پورتوگال حەز دەکەن ئاســـتی تیپەکەیان بەرز بێت لە پاڵەوانیەتییە گەورەکان، ئایا ئەمە هاندانێك نییە بۆ ئێوە؟**

- پێشـــووتر گەیشتینە یاری کۆتایی یۆڕۆی ٢٠٠٤ و چوار گۆشەی زێڕینی مۆندیالی،٢٠٠٦ دەمانەوی ئەمجارە ئاستی پایەکەمان بەرز بکەینەوە و وای بۆ دەچم جەماوەر لە هەموو جارێك زیاتر متمانەیان بە ئێمە هەیە و واشی بۆ دەچم ئەنجامی ئەمجارەشـــمان باشـــتر بێت لە جاران، ڕاستیشە هاندانی جەماوەر جار جار کار دەکاتە سەر ئاستمان، لەوانەیە لە قۆناغی هەشتەم ڕووبەڕووی ئیسپانیا ببینەوە، ئەمە تەنیا بۆ چوونە هێشتا کات ماوە.

*** ئاواتتان لە کۆتاییەکانی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا چییە؟**

- سەرەڕای ئەوەی لەو کۆمەڵەیەداین، ئاواتمان ئەوەیە ببینە یەکەمی کۆمەڵەی خۆمان لەبەر ئەوەی گەر توانیمان ئەو شتە بکەین ئەوە لە زۆر کۆسپ دەربازمان

دەبێت.

*** دوور لە مۆندیال و جیهانی پێشبینیەکان، دەمانەوێ ئەو پرسیارەت لێ بکەین، ئەو نهێنیە چییە کە لە پورتوگال یاریزانێکی زۆر هەیە لە باڵەکان یاری بکات، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی جیهانی بە پێچەوانەیە.**

- ئەمە بۆ بەهێزی پێگەی تازەپێگەیشتووان دەگەڕێتەوە، نموونەش ئەکادیمیەی سپۆرتینگ لیشبۆنەیە کە هەموو وەرزێك چەند یاریزانی بە توانا لەو شوێنە دروست دەکات خاوەن راهێنەری بە توانان، ئێستا یانەکانی بەنفیکا و پۆرتۆش هەمان شێواز پەیرەو دەکات کە پێشتر لیشبۆنە پەیرەوی دەکرد چەندین یاریزانی دروستکرد، لەوانە کریستیانۆ رۆناڵدۆ و فیگۆ و نانێ و کواریزما و بگرە سیماویش.

*** سەرەتا بە ئاستی چ یاریزانێك سەرسام بوویت؟**

- بە تەئکید لویس فیگۆ، لە تەمەنی ١٣ ساڵی پەیوەندیم بە ئەکادیمیەی سپۆرتینگ لیشبۆنە کرد، بە بەردەوامی چاودێری مەشقەکانی تیپی یەکەمم دەکرد و خەونم بەوە دەدیت کە رۆژێك لە رۆژان یاری لەگەڵ بکەم، رۆژێك هات لەتەك ئەو یاریزانە مەزنە لە نێو یاریگا لە ریزی یانە و هەڵبژاردەی پورتوگال یارییم کرد، لە سەرەتاو ئێستاش بە ئامۆژگارییەکانی هاوکارییم دەکات، دوای وازهێنان لە یاریش هەردووکمان لەیەك شار دەژین. قەد لە یادی ناکەم چونکە هۆکاری سەرەکیم بوو لە سەرکەوتنەکانم بەرزبوونەوەی ئاستی وەرزشیم.

*** فیگۆ بە تەنیا لە مەدرید ناژی، زۆر لە یاریزانانی پورتوگالی کە پەنابەرن،بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان، پایتەختی ئیسپانیان هەڵبژارد وایە؟**

- ئیسپانیاکان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە پەیوەندییان بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ و بریکاری کارەکانییەوە کرد و هەروەها پەیوەندییان بە پیپی و دودای یاریزانی مەلەگە کرد، هەوڵیان دەدا پەیوەندی بە برادەرانی دیکەوە بکەن بۆ رازیکردنیان چ بە نامە و یان بە پەیوەندی تەلەفۆنی و هەموو نیگەرانن کە ئەوەی لەگەڵ فلیپی لویس روویدا.

*** دەکرێ باس لە ئاستت و یاریکردنت لە ریزی ئەتلەتیکۆ مەدرید بکەی؟**

- دەبێ دان بەوە دابنێم کە ئاستم لە وەرزی ئەمساڵ لە هەڵبەزین و دابەزیندایە بە تایبەتی لە خولی یانەکانی ئیسپانیا لەیەك یاری سەرکەوتن بە دەست دەهێنین و سێ رۆژ ئاهەنگ دەگێڕین و دواتر تووشی شکست دێین و تووشی ناخۆشی و ماتەم دێین، ئەمەش لە کەسایەتی ئەتلەتیکۆ مەدرید ناوەشێتەوە دەبێ چارەسەری بکەین و رێگای راست بگرینە بەر.

*** کرێکاران و فەرمانبەرانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە کەسایەتی و خۆڕەوشتی بەرزت دەکەن رازین، ئەم نهێنییە چییە؟**

- دەبێ مرۆڤ خاوەن خۆڕەوشتێکی بەرز بێت و قسەی لەگەڵ خەڵك خۆش بێت بە تایبەتی لەگەڵ کرێکاران و فەرمانبەران، یاریزانی پێشەگر دەبێ خۆرەوشتی خۆی بپارێزی، چونکە میوانە لەو شوێنە و پێویستە لە کاتی گەڕانەوەی بە باشی باسی بکەن. من هەروام زۆر نەرم و نیانم لەگەڵ خەڵك و من رێز لە ژیانی خەڵك دەگرم و پارێزگاری لە زەردەخەنەی سەر لێوانی خۆم دەکەم.

*** زەردەخەنە و سنگ فرەوانی و خۆشی و شادی ئەمانە بە بەردەوامی باسی لێوە دەکرێت؟**

- زۆر قسە لەسەر خۆشی و شادی دەکەم و زەردەخەنەش باشترین رێگایە بۆ دەرکردنی پاڵەپەستۆ و نیگەرانی لە ژیانی هەموو یاریزانێك، هەر یاریزانێکی ژیر دەبێ هەوڵ بدات بەهەر شێوەیەك بێت پاڵەپەستۆ لەسەر خۆی کەم بکاتەوە باشترین هۆکاریش بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە زەردەخەنەیە.

*** دەکرێ باس لە ژیانی ئاسایی خۆت بکەی ئایا قەت نا ئومێدی بەسەر تدا زاڵ دەبێت؟**

- زۆر شت بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە ئەمەش لە نێوان مەشقی رۆژانە و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و بۆ پشوودان و دواتر دوای سێ رۆژ دەبێ یارییەك ئەنجام بدەین، ئەمانە گرنگترین کاری رۆژانەی یاریزانە، ئەو کاتەی مەشق تەواو دەبێ دەچینە نانخواردن بۆ گەڕانەوەی ئەو هێزەی لە دەستمانداوە کە ئەمەیان زۆر گرنگە، ئەو کاتەی پشوومان دەبێت ماوەیەك سەیری فلیمی سینەمایی دەکەم، دوای ئەمانە کاتەکانی ژیانم لەگەڵ کەس و کارم دەبەمە سەر.

*** لە کۆتایی کریستیانۆ رۆناڵدۆ و میسی کامیان باشترین یاریزانن لە جیهاندا؟**

- پێکەی هەردووکیان حالی حازر ئاستێکی زۆر بەرز نیشان دەدەن، بەرای من لەم کات و ساتە دا میسی باشترە.

*** ئەی چی دەڵێی لەسەر سیماو؟**

- (زیاتر پێکەنی) و گوتی: بڕوام زیاترە کە میسی باشترە.






# خولی تازه پێگەیشتووان هۆکارێکە بۆ پێگەیاندن

**خولی تازه پێگەیشتوانی یانەکانی کوردستان ئەم ساڵ بەبەشداری ١٤یانەی شارەکانی کوردستان و به سەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوه دەچێت. خولەکه یەك قۆناغ دەخایەنێت. لەم راپۆرتەدا چەند بۆچوونێکمان لەسەر ئەم خوله وەرگرتووه. ئایا ئەم خوله دەبێته هۆکارێك بۆ دروستبوونی یاریزانی زۆر باش و بەتوانا؟ بۆ سەرکەوتنی ئەم خوله یاریزانان و ڕاهێنەران و سەرپەرشتیاران و ناوبژیوانان بۆچوونی خۆیان بەمجۆره دەربڕیوه.**

سەرەتا (سەلیم نوری) سەرپەرشتیاری یاری له خولی تازەپێگەیشتووان گوتی "بێگومان هەر خوڵ و پاڵەوانەتییەك بکرێتەوه بێ سوود نابێت، سودێکی هەیه بۆ ئەوەی بۆ وەرزشی کوردستان به گشتی و به تایبەتی وەرزشی شاری هەولێر بتوانن بناغەیەکی پتەو دابنێین. کردنەوەی ئەم جۆره خولانه وەك خولی لاوان و تازه پێگەیشتووان سود بەخش دەبێ و دەبێته هۆکارێك بۆ درووست بوونی پێگەیاندنی یاریزان له شارەکانی کوردستاندا، بەڵام دەبێت پیگەیاندنی یاریزان کادیری پێشکەوتوو سەرپەرشتی بکات، کادرێك که پسپۆربێت له بابەتەکه، بۆنموونه چەند یانەیەك هەیه بەشداری ئەم خولانەی کردووه تەنیا تیپیان درووست کردووه و کادیری وەرزشیان نییه،،پێویسته لەم تیپانەدا کەسانی چالاك دابنرێت چونکه ڕاهێنەری تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆدانانی بناغەیەکی پتەو بۆ چەندسالێك چەندین یاریزان ئاماده بکەن. بۆئەوەی تیپەکانی لاوان و پێشکەوتووان سوودی لێببینن، ئەم خوله کارێکی باشه چونکه بەیەك قۆناغ ئەنجام دەدرێت، ئەگەریش ئەم خولانه سەرکەوتنی بەدەست هێنا بکرێته دوو قۆناغ زۆرباشتره، بەڵام ئێستاکه نا، بۆئاینده سوودی تایبەتی خۆی دەبێت، بێگومانیش سەدا سەد دەبێته هۆکارێکی زۆر باش بۆدرووست بوونی یاریزانان، ئەگەر بکرێت یەکێتی تۆپی پێی کوردستان خولی بێچوه شێرانیش بکاتەوه. ئەمه دەبێته بناغەیەك بۆپێشکەوتنی وەرزشی تۆپی پێ، کەسانی پسپۆر دابنێن، نەك کەسانێك بێنن هیچ زانیاریکی وای نەبێت لەسەر درووست کردنی یاریزان، زۆر تیپمان هەیه له کوردستان، تیپی لاوان و تازه پێگەیشتووانیان داناوه بۆئەوەی تەنیا تەواوکەری تیپەکانی تر بن، دەبێت یانەکان، له بواری مادی و مەعنەویەوه زیاتر گرنگی بەو یاریزانانه بدەن که تەمەنیان بۆ یاری کردن گونجاوه، ڕاهێنەری پسپۆریان بۆدابنێن، راگەیاندنیش دەبێت بۆپێشکەوتنی ئەم یاریزانانه رۆلی خۆی ببینێ.

(تاریق تۆفیق)راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر گوتی " پێموایه ئەم خوله نابێته هۆکارێك بۆپێگەیاندنی یاریزانان، چونکه کاتەکەی گونجاو نییه، لەبەر ئەوەی کەوتۆته ناو تاقی کردنەوەی یاریزانان، ئەگەر خولەکه به دوو قۆناغ نەبێت بەیەك قۆناغ بێت هەر باشه، بەڵام با لەگەڵ خولی لاوان تێکەل نەبێت، ئێمه

دیمانه :کارزان کانەیی



# ــــــــی یاریزانی باش

وەکـــو تیپی تازە پێگەیشـــتووانی یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر هیچ کێشەیەکمان نییە، تەنیا کێشـــەی ئێمـــە ئەوەیە کەوا تیپەکەمان زۆربەی یاریزانەکانی قوتابین و کەشوهەوای پیرمامیش جێگیرنییە. لە بارەی بوونی یاریزانی تەزویرلە یانەکاندا گوتـــی، تیپەکانی بەشـــداربوو ســـەدا هەشتای تیپی تەزویریان هەیە، بەڵام ئێمە هیچ یاریزانێکمان نییە کەوا تەزویر بێت، داواکارم لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە تەمەنی یاریزانەکاندا تەواو پێداچوونەوە بکات، سێ بەشی تیپەکان تەزویریان هەیە .

(ئەحمەد سابیر)ڕاهێنەری یانەی کەرکوک دەڵێت "بەڕاســـتی کردنەوەی خولی تازە پێگەیشـــتووان کارێکی باشە، بەتایبەتی بۆ پێگەیاندنـــی یاریزانان، ئەگەر خولی تازە پیگەیشتووان نەبێت ئاستەکانی تریش نابن، زۆرباشتریشـــە ئەگەر ئەم خولە لە یەک قۆناغ بکرێتـــە دوو قۆناغ بۆئەوەی یاریزانـــەکان بتوانن ئاســـتێکی باشـــتر پێشـــکەش بکەن، لەبارەی کێشەکانیان لە یانەی کەرکوک گوتـــی "ئێمە لە یانەکە تەنیا کێشـــەی نەبوونـــی پارەمان هەیە، هیوداریشم بۆپێشکەوتی خولەکە یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان پاڵپشتیمان بکات و ســـاڵانە هەر یەک خـــوڵ نەبێت بۆ تازە پێگەشـــتووان. لە بارەی بوونی دیاردەی تەزویر لە یانەکانی کوردســـتان گوتی، بـــە دلنیاییەوە ئەم دیاردەیـــە هەیە، بەڵام ئێمە لە یانەکەمان شـــتی وامان نییە، لە یانەی کەرکوکیش تیپی تازە پێگەیشتووان هیچ موچەیەکیان نییە، تەنیا یاریزانەکان خۆیان حەزیان لە یاری تۆپی پێ یە بۆیە یاری دەکەن .

(نێچیـــروان حوســـێن) یاریزانـــی یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر گوتی "بەڕاســـتی خولـــی تازە پێگەیشـــتووان بـــۆ ئێمەی یاریزانان خولێکی زۆربە سوودە، بۆئەوەی بتوانین ئاستی راستە قینەی دیاربخەین، بـــەڵام پێشـــنیارم ئەوەیە ئـــەو خولە لە کاتێکـــی تردا بایە، چونکـــە تیپەکەمان هەمـــووی قوتابین. لەلایەکـــی ترەوە ئەم خولە دەکرێتـــەوە بۆپێگەیاندنی یاریزان، نـــەک بۆتەزویرکردنی یاریزان هەندێك یانە تەزویر لە تەمەنی یاریزانان دەکەن کەئەوەش دیاردەیەکی ناشـــیرینە. هەســـت دەکەم چاودێری یانـــەکان ناکرێت ئەگەر بکرێت چۆن تەزویردەکرێت لە نێوان یاریزانان، لە بارەی بوونی کێشـــە لە یانەکەیان گوتی هیچ کێشـــەیەکمان نییـــە، ئێمە تەواوی یاریزانەکانمان هی خولی شـــارۆچکەی پیرمامن، بەڵام مووچەمان نییە وەکو تیپە ئەگەر ڕاهێنەری ئێمەش تەزویری بکردایە ئاستمان باش دەبوو .

(مەحمەد حوسێن) ناوبژیوانی پلە یەکی کوردســـتان و عێراق "بەڕاســـتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆبەڕێوەچوونی ئەم خولە ماندووبوونێکی زۆر دەکێشێت، بەڵام بە بۆچوونی من پێویســـتە زیاتر گرنگی بە هـــەردوو خولی تازە پێگەیشـــتووان و لاوان بدرێت زۆر باشـــە، تاکو بتوانین بۆ تیپەکانی پلەیەك یاریزانـــان پێبگەینین، ئەوەش پاڵپشـــتی ڕاگەیاندنەکانی دەوێت، بەڕاستی تاکو ئێســـتا هیچ کێشەیەکمان وەکو ناوبژیوان نەبینیـــوە، بەڵام زۆربەی یانەکانی بەشـــداربوو کێشـــەی دیاردەی تەزویریـــان هەیـــە، ئەگـــەر تەزویـــر لە یانەکان نەمینێـــت دەتوانم بەخولێکی زۆر ســـەرکەوتووی بزانم، ئەگەر ئەم خولە لە بری یەك خوڵ بکرێتە دوو خول زۆر باشتر دەبێت، یاریزانەکان زیاتر چاویان دەبێتەوە و زیاتر هونەری یاری کردن فێر دەبن.